

ئەڵمانیا12-8-2007:

# حکومەتی ئەڵمانیا لەرێگای هێڵی ئاسمانی زاگرۆس پەنابەرانی عیراقی دیپۆرتی هەولێر دەکاتەوە

بەپێ راپۆرتێك کە رۆژی 11-8-2007 کەمپینی دژی دیپۆرتی پەنابەران لە وولاتی ئەڵمانیاوە بەدەستی فیدراسیۆنی گەیاندوە ،حکومەتی ئەڵمانیا لەمانگی 6 ئەمساڵەوە هەر سێ هەفتە جارێك 2 پەنابەری عیراقی لە هامبۆرگ ئەنتەرناشناڵ لە رێگای هێڵی ئاسمانی زاگرۆس لەشاری فرانکفۆرتەوە بەزۆر دیپۆرتی هەولێر کردۆتەوە.

وابریارە 10-9-2007 کاتژمێر 23:55 بەکاتی ئەڵمانیا 3 پەنابەری تر دیپۆرتی فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر بکرێتەوە کە کاتژمێر 5:20بگەنە فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر .

هەمان سەرچاوە بەفیدراسیۆنی راگەیاند ناردنەوەی پەنابەران بەردەوام دەبێت ،ئەم پرۆسەیە لەرێگای هێڵی ئاسمانی زاگرۆس وەبەرێوە دەچێت کە تیکت بەبێ کێشە بە حکومەتی ئەلمانیا دەفرۆشن.

کەمپینی دژی ناردنەوەی پەنابەران بەفیدراسیۆنی راگەیاند ئامادەیە تەواوی ئەو بەڵگەنامانە لەگەڵ خۆیان بهێنن بۆ کۆنگرەی فیدراسیۆن کە رۆژانی 25-26-8-2007 لە ستۆکهۆڵم بەرگوزار دەکرێت.

هەروەها کەمپینی دژ بەناردنەوەی پەنابەران کارو چالاکی ئەنجام دەدەن بەرامبەر بە حکومەتی ئەڵمانیاو هێڵی ئاسمانی زاگرۆس دژ بەگیرانەوەی پەنابەرانی عیراقی .

- هاوکات فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لە ئەڵمانیا پێشتر کەمپێنێکیان بەرێ خستوە و داوای هاوپشتی و هاوکاری دەکەن لە نامەیەکیان کە ئاراستەی تەواوی رێکخراوەپەنابەری و ئینسان دۆست و سەندیکا کرێکاریەکانی ئەڵمانیا کردوە لەپێناو داکۆکی لە پەنابەران کە خواستەکانیان پێك هاتووە:

1) گەراندنەوەی مافی پەنابەری بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە بەبیانۆی ڤیدەروفن Wiederrufen مافی پەنابەریان لێسەندراوەتەوە .

2) ئاسایی کردنەوەنەی رەواڵی کارکردن لە مەسەلەی تازەکردنەوەی مافی نیشتەجێ بوون و پاسپۆرت ویەگرتنەوەی خێزان و وەرگرتنی مافی رەگەزنامەی Citizen ئەڵمانی ....تاد. بۆ سەرجەم پەنابەرانی عێراقی.

3) گرتنەبەری پرۆسەی یاسایی ویابەندبوون بە یاساکانی جنێف لە پەیوەند بەدانی مافی پەنابەری بۆ ئەو پەنابەرانەی کە لە عێراقەوە دێن.

4) دانی مافی پەنابەری بۆ سەرجەم ئەو پەنابەرە عێراقیانەی کە ساڵانێکی زۆرە لە ئەڵمانیادا دەژین و بێ بەشکراون لەمافی پەنابەری.

5) پابەندبوونی حکومەتی ئەڵمانیا بە یاسا ورێکەتنە نێو دەوڵەتی یەکان لە پەیوەند بەمافەکانی پەنابەرانەوە لەوانە رێکەتنامەی جیهانی جنێف بۆ مافی پەنابەری.

## بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئەم کەمپینە تکایە پەیوەندی بکەن بە:

__کۆلن__

arfan96@yahoo.de—— tel-00491726274423 عرفان كريم

__كالسرۆ__

bakir0107@yahoo.de____tel 00491725799170 بكر حەمەد

IFIR:**PO.BOX1575, ILFORD, IG1 3BZ, LONDON UK:CONTACT Dashty Jamal,**

**d.jamal@ntlworld.com, Mobile:00447856032991 ,Aso Goran: asobalabarz116@hotmail.com**

Jasim Gafur: Jasm_rg@yahoo.co.uk Burhan Fatah : burhanfatah@aol.com Mobile:

07877489626 **or** 07929010257 Office: 0161 234 2784 Aram Hama 07729182083